﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ﴾

# هەندێك
# دوعای پڕ مەعنا و گشتگیر
## لە قورئانی پیرۆز و فەرموودە صەحیحەکاندا

# أدعية جامعة
## من القرآن الكريم والسُّنَّة الصحيحة

ئامادەکردن و وەرگێڕانی
مامۆستا محمد عبد الرحمن لطيف

================================
**لە بڵاوکراوەکانی سایتی بەهەشت**
**www.ba8.org**
هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ
==========================
**تێبینی** : مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ هەموو موسڵمانێکە بە مەرجێ وەکو خۆی بڵاوی بکاتەوەو دەستکاری نەکرێت

*** أدعية جامعة من القرآن الكريم** :

﴿رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾

**ئەی پەروەردگارمان لە دونیادا چاکەمان بدەرێ و لە دوارۆژیش چاکەمان بدەرێ و بشمانپارێزە لە سزای ئاگر .**

﴿رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ﴾

**ئەی پەروەردگارمان ئارامگرتن برێژە بەسەرماندا و پێکانیشمان جێگیر بکە و سەریشمان بخە بە سەر گەلی بێباوەڕاندا .**

﴿رَبَّنَا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلاَ تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلاَ تُحَمِّلْنَا مَا لاَ طَاقَةَ لَنَا بِهِ وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَآ أَنتَ مَوْلاَنَا فَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ﴾

**ئەی پەروەردگارمان لێمان مەگرە ئەگەر لە بیرمان چو یان هەڵەمان کرد ، پەروەردگارمان ناڕەحەتی مەدە بەسەرماندا وەکو چۆن دابوت بەسەر ئەوانەی پێش ئێمەدا، پەروەردگارمان شتێك مەدە بەسەرماندا کە لە تواناماندا نەبێت ، وە لێمان ببورە و لێمانیش خۆشبە و رەحممان پێ بکە تۆ پشت و پەنامانی بۆیە سەرمان بخە بە سەر گەلی بێباوەڕاندا .**

﴿رَبَّنَا لاَ تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً إِنَّكَ أَنتَ الْوَهَّابُ﴾

**ئەی پەروەردگارمان دڵەکانمان لامەدە لە ڕێگای ڕاست دوای ئەوەی کە ڕێنماییت کردین بۆی ، وە لە لایەن خۆتەوە ڕەحمەتمان پێ ببەخشە بەڕاستی تۆ بەخشندەی .**

﴿رَبَّنَا آمَنَّا بِمَا أَنزَلَتْ وَاتَّبَعْنَا الرَّسُولَ فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ﴾

**ئەی پەروەردگارمان ئێمە باوەڕمان هێنا بەوەی کە داتبەزاندووە و شوێنی پێغەمبەریش کەوتین بۆیە لە گەڵ شایەتومان هێنەراندا بمان نووسە .**

﴿رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسْرَافَنَا فِي أَمْرِنَا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ﴾

**ئەی پەروەردگارمان لە تاوانەکانمان و ڕۆچونمان لە کاروبارماندا خۆشبە و پێکانیشمان جێگیر بکە و سەریشمان بخە بە سەر گەلی بێباوەڕاندا .**

﴿رَّبَّنَا إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِي لِلإِيمَانِ أَنْ آمِنُواْ بِرَبِّكُمْ فَآمَنَّا رَبَّنَا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّئَاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ الأبْرَارِ﴾

**ئـەی پـەروەردگارمان بەراسـتی ئێمـە بیـستمان بانگـەوازکارێك بـانگ دەکـات بـۆ باوەڕهێنان و دەڵێت باوەڕ بێنن بە پەروەردگارتان ئێمەیش باوەڕمان هێنا جـا لـە بـەر ئەوە لە تاوانەکانمان خۆشبە و خراپەکانمان بسڕەوە و لە گەڵ چاکەکاراندا بمانمرێنە .**

﴿رَبَّنَا وَآتِنَا مَا وَعَدتَّنَا عَلَى رُسُلِكَ وَلاَ تُخْزِنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّكَ لاَ تُخْلِفُ الْمِيعَادَ﴾

**ئـەی پـەروەردگارمان ئـەوەی کـە بـەڵێنت پێـداوین لـە ڕێـی پێغەمبەرەکانتـەوە بماندەرێ و لە ڕۆژی قیامەتیشدا سەرشـۆڕمان مەکـە بەڕاسـتی تـۆ بـەڵێن ناشـکێنیت و دوای ناخەیت .**

﴿رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾

**ئەی پەروەردگارمان ئێمە ستەممان کرد لە خۆمان جا ئەگەر تۆ لێمان خۆشنەبیت و ڕەحمان پێ نەکەیت ئەوا بەدڵنیایی دەبین بە بەشێك لە خەسارۆمەندان .**

﴿رَبَّنَا افْتَحْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ قَوْمِنَا بِالْحَقِّ وَأَنتَ خَيْرُ الْفَاتِحِينَ﴾

**ئەی پەروەردگارمان بەینی ئێمە و گەلەکەمان بکـەرەوە بـە حـەق ، تـۆ باشـترینی بەین کەرەوەکانی .**

﴿رَبَّنَا لاَ تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ﴾

**ئەی پەروەردگارمان نەمانکەیتە جێی تاقیکردنەوە بۆ گەلی ستەمکاران .**

﴿رَبَّنَا اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِلْمُؤْمِنِينَ يَوْمَ يَقُومُ الْحِسَابُ﴾

**ئەی پەروەردگارمان خۆشبە لە تاوانـەکانی خـۆم و بـاوك و دایکـم و بـاوەڕداران لـە ڕۆژی لێپرسینەوەدا .**

﴿رَبَّنَا آتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا﴾

**ئەی پەروەردگارمان لە لایەن خۆتەوە ڕەحمەتمان پێ ببەخشە و هۆشمەندیمان بۆ بڕەخسێنە لە کاروبارماندا .**

﴿رَبَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا وَأَنتَ خَيْرُ الرَّاحِمِينَ﴾

**ئەی پەروەردگارمان ئێمە باوەڕمان هێنا جا لە بەر ئەوە لە تاوانەکانمان خۆشبە و بەزەیت پێماندا بێتەوە تۆ باشترینی بە بەزییەکانی .**

﴿رَبَّنَا اصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا﴾

**ئەی پەروەردگارمان سزای دۆزەخمان لێ دوور بخەرەوە بەڕاستی سزاکەی سەخت و ناڕەحەتە .**

﴿رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا﴾

**ئەی پەروەردگارمان پێمان ببخشە لە خێزانەکانمان و وەچەکانمان ئەوەی کە چاوەکانمان پێی ئۆقرە بگرێت و بمانکەرە پێشەوا بۆ خۆپارێزەران لە تاوان .**

﴿رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَيْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْمًا فَاغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا وَاتَّبَعُوا سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ رَبَّنَا وَأَدْخِلْهُمْ جَنَّاتِ عَدْنٍ الَّتِي وَعَدتَّهُم وَمَن صَلَحَ مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ إِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾

**ئەی پەروەردگارمان فراوانی ڕەحمەت و زانستی تۆ هەموو شتێکی گرتووەتەوە جا لە بەر ئەمە خۆشبە لەوانەی کە تەوبەیان کردووە و شوێنی ڕێگاکەی تۆ کەوتوون و بیانپارێزە لە سزای دۆزەخ ، پەروەردگارمان بیانخەرە ناو ئەو باخچەیەی بەهەشت کە بەڵێنت پێداون خۆیان و ئەوانەش کە چاك دەبن لە باووباپیرانیان و خێزانەکانیان و نەوەکانیان بەڕاستی تۆ بەدەسەڵات و دانایت .**

﴿رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ﴾

**ئەی پەروەردگارمان خۆشبە لە ئێمە و ئەو برایانەشمان کە پێشمان کەوتوون بە ئیمان وە ڕق و کینە نەخەیتە ناو دڵمانەوە بەرامبەر ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە ، ئەی پەروەردگارمان بەڕاستی تۆ بە بەزیی و بە ڕەحمیت .**

﴿رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا وَاغْفِرْ لَنَا رَبَّنَا إِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾

**ئەی پەروەردگارمان نەمانکەیتە تاقیکردنەوە بۆ ئەوانەی کە کوفریان کردوو و لێمان خۆشبە پەروەردگارمان بەڕاستی تۆ بەدەسەڵات و دانایت .**

﴿رَبَّنَا أَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا وَاغْفِرْ لَنَا إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾

**ئەی پەروەردگارمان رووناکی باوەڕمان بۆ کامڵ کە و لێمان خۆشبە بەڕاستی تۆ توانات بە سەر هەموو شتێکدا هەیە .**

﴿رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾

**ئەی پەروەردگارمان لێمانی قبوڵ بکە بەڕاستی تۆ بیسەر و زانایت .**

ـــ اللهُمَّ لا إِلَهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِين .

**خوایە هیچ پەرستراوێك نیە شایستەی پەرستن بێت تەنها تۆ نەبێت پاکی بۆ تۆ خوایە لە هەموو کەمی و نوقوسانیەك بەڕاستی من یەکێکم لە ستەمکاران بۆیە لێم خۆشبە .**

ـــ اللهُمَّ حَبِّبْ إِلَيْنا الْإِيـــمَانَ وَزَيِّنْهُ فِي قُلُوبِنا ، وَكَرِّهْ إِلَيْنا الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ وَاجْعَلْنَا من الرَّاشِدِين .

**خوایە ئیمان خۆشەویستکە لە لامان و بیڕازینەوە لە دڵەکانماندا ، وە بێباوەڕی و لە ڕێدەرچوون و تاوان کردن ببێزێنە لە لامان ، وە بمانکەرە بەشێك لە هۆشمەند و ژیرەکان .**

## * أدعية جامعة من السُّنَّة الصحيحة :

((اللهم أنت الـــمَلِكُ لا إله لي إلا أنت ، أنت ربي وأنا عبدك ، ظلمـــت نفـــسي واعترفت بذنبي فاغفر لي ذنوبي جميعا إنه لا يغفر الذنوب إلا أنت ، واهدني لأحسن الأخلاق لا يهدي لأحسنها إلا أنت ، واصرف عني سيئها لا يصرف سيئها إلا أنت ، لبيك وسعديك ، والخير كله في يديك والشر ليس إليك ، أنا بك وإليك ، تباركت وتعاليـــت ، أســـتغفرك وأتوب إليك))

**خوايه تۆ پادشایت و من هیچ پەرستراوێکم نیه شایستەی پەرستن بێت تەنها تۆ نەبێت ، تۆ پەروەردگاری منیت و منیش بەندەی تۆم ، ستەمم لە خۆم کردووه و دانیش دەنێم به تاوانەکانمدا بۆیه له هەموو تاوانەکانم خۆشبه بەڕاستی هیچ کەسێك نیه له تاوانەکان خۆشبێت تەنها تۆ نەبێت ، وه ڕێنماییم بکه بۆ باشترین ڕەوشت کەس ناتوانێت ڕێنمایی بکات بۆ باشترین ڕەوشت تەنها تۆ نەبێت ، وه ڕەوشتی خراپم لێ‌دوور بخەرەوه کەس ناتوانێت ڕەوشتی خراپم لێ‌دوور بخاتەوه تەنها تۆ نەبێت ، خوایه وەڵامی تۆ دەدەمەوه و داواکاریەکانت بەجێ‌دەگەیەنم و گوێڕایەڵیت دەکەم ، خوایه هەموو خێرێك له دەستی تۆ دایه و خراپەیش نادرێته پاڵ تۆ ، خوایه من بە تۆ دەژیم و بۆ تۆیش دەژیم ، هەموو کارەکانت پڕ بەرەکەتن و دووریت لە هەموو کەم و کوڕییەك ، خوایه داوای لێخۆشبوونت لێدەکەم و لای تۆ تەوبه دەکەم .**

((اللهم إنـــي أسألك الجنة وأعوذ بك من النار ، اللهم إنـــي أسألك الجنة وأعوذ بك من النار ، اللهم إنـــي أسألك الجنة وأعوذ بك من النار))

**خوايه من داوای بەهەشتت لێدەکەم و پەنات پێ‌دەگرم له ئاگر ، خوایه من داوای بەهەشتت لێدەکەم و پەنات پێ‌دەگرم له ئاگر ، خوایه من داوای بەهەشتت لێدەکەم و پەنات پێ‌دەگرم له ئاگر .**

((اللهم ارحمنـــي وارزقنـــي وعافنـــي واهدنـــي))

**خوایه رەحمم پێ بکە و ڕزقم بدە و لاشەم ساغکە و هیدایەتم بدە .**

((اللهم اغفر لي ذنبي كله ، دقــهُ وجله ، وأوله وآخره ، علانيته وسره))

**خوایـە لـە هـەموو تاوانـەکانم خۆشـبە ، بـچوك و گـەورەی ، ئـەوەڵ و ئـەخیری ، ئاشکرا و نهێنیی .**

((اللهم إنـــي أعوذ بك من عذاب القبر ، وأعوذ بك من فتنة المسيح الدجال ، وأعوذ بك من فتنة الـــمحيا والـــممات ، اللهم إنـــي أعوذ بك من الـــمأثم والـــمغرم))

**خوایە من پەنات پێـدەگرم لـە سـزای نـاو گـۆڕ ، وە پـەنات پێـدەگرم لـە فیتنـە و تاقیکردنەوەی دەججالی چاو سڕاوە ، وە پەنات پێدەگرم لـە فیتنـە و تاقیکردنـەوەی ژیان و مردن (کاتی سەرەمەرگ و پرسیارەکانی ناو گۆڕ) ، خوایە مـن پـەنات پێـدەگرم لە تاوانباری و قەرزاری .**

((اللهم أَلِّفْ بين قلوبنا ، وأصلحْ ذات بيننا ، واهدنا سُبُل السلام ، ونَجنا من الظلمـــات إلى النور ، وجَنِّبْنا الفواحش ما ظهر منها وما بطن ، وبارك لـــنا في أسماعنا وأبصارنا وقلوبنـــا وأزواجنا وذرياتنا ، وتب علينا إنك أنت التواب الرحيم ، واجعلنا شاكرين لنعمتك ، مثنين بـــها قابليها وأتـــمها علينا))

**خوایە ئاشنایی بخەرە نێوان دڵەکانمانەوە و نێوانمانیش چاك بکە ، وە ڕێنماییمان بکـە بـۆ ڕێگاکـانی ئاشـتی و سـەلامەتی و ئیـسلامەتی ، وە ڕزگارمـان بکـە لـە تاریکییەکانەوە بۆ ڕووناکی ، وە بە دوورمان گرە لە خراپەکان ئەوەی کـە ئاشـکرایە و ئەوەشی کە شاراوەیە ، وە بەرەکەت بخەرە نێو بیـستنمان و بینینمـان و دڵـەکانمان و خێزانـەکانمان و نەوەکانمانـەوە ، وە تـەوبـەمان لـێ وەرگـرە بەڕاسـتی تـۆ زۆر تەوبـە وەرگری و بە بەزەییت ، وە بمانکەرە بەشێك لە کەسە شوکرانەبژێرەکانی نیعمەتەکانت ، ستایشت بکەین لە سەری و قبوڵی بکەین و تەواو و کاملێشی بکە بە سەرماندا .**

((اللهم إنـــي أعوذ بك من الـــجوع فإنه بئس الضجيع ، وأعوذ بك من الـــخيانة فإنَّها بئست البِّطانة))

**خوایە من پەنات پێدەگرم لە برسێتی چونکە بەڕاستی برسـێتی خـراپترین هـاوڕێی سەر جێگایە ، وە پەنات پێدەگرم لـە خیانـەت و ناپـاکی چـونکە بەڕاسـتی خیانـەت و ناپاکی خراپترین دەورەدەستن .**

((اللهم اجعل في قلبي نورا ، واجعل في لسانـــي نورا ، واجعل في سمعـــي نـــورا ، واجعل في بصري نورا ، واجعل خلفي نورا ، وأمامي نورا ، واجعل من فوقي نورا ، ومـــن تـــحتـــي نورا ، اللهم وأعظم لي نورا))

**خوایە روناکی بخەرە دڵمەوە ، وە روونـاکی بخـەرە زمانمـەوە ، وە رونـاکی بخـەرە بیستنمەوە ، وە روناکی بخـەرە بینینمـەوە ، وە وە رونـاکی بخـەرە شـتمەوە ، وە وە روناکی بخەرە پێشمەوە ، وە سەرەوەم روناك کەرەوە ، وە ژێرەوەم روناك کـەرەوە ، خوایە روناکیم بۆ گەورەکەرەوە .**

((اللهم إنـــي أعوذ برضاك من سخطك ، وبـــمعافاتك من عقوبتك ، وأعوذ بك منك ، لا أحصي ثناء عليك أنت كما أثنيت على نفسك))

**خوایـە مـن پـەنا دەگـرم بـە ڕەزامەنـدیت لـە تووڕەیـت ، وە پـەنا دەگـرم بـە لێبوردەییت لە سزات ، وە پەنا دەگرم بە خۆت لە خـۆت ، نـاتوانم ستایـشت بکـەم بـە ئەندازەی ئەوەی کە خۆت ستایشی خۆتت کردووە .**

((رب أعني ولا تعن عليَّ ، وانصرنـــي ولا تنصر عليَّ ، وامكرْ لي ولا تـــمكر عليَّ ، واهدنـــي ويسر هُداي إليَّ ، وانصرني على من بغَى عليَّ ، اللهم اجعلني لك شاكرا ، لك ذاكرا ، لك راهبا ، لك مِطواعا ، إليك مُخبتا أو منيبا ، رَبِّ تقبـــل توبتـــــي ، واغـــسل حَوبتـــي ، وأجب دعوتـــي ، وثبت حجتـــي ، واهد قلبـــي ، وسدد لسانـــي ، واســـلل سخيمة قلبـــي))

**خوایە یارمەتیم بدە و یارمەتی کەسیش مەدە لە سەرم ، وە سەرم بخە و کەسیش سەر مەخە بە سەرمدا ، پلانم بۆ داڕێژە و پلانیش دامەڕێژە لە سەرم ، وە ڕێنماییم بکە**

و ڕێنمایی کردنیشم بۆ ئاس بکە ، وە سەرم بخە بە سەر ئەو کەسەی کە دەست درێـژە دەکاتە سەرم ، خوایە وام لێبکە شوکرانەبژێری تۆ بم ، زیکری تۆ بکەم ، لە تـۆ بترسـم ، گوێڕایەڵی تۆ بکەم ، بۆ لای تۆ بگەڕێمەوە ، پەروەردگارم تەوبەم لـێ قبوڵ کـە ، وە تاوانەکانم بشۆرەوە ، وە وەڵامی دوعاکانم بـدەرەوە ، وە بەڵگـەکانم جـێگیر بکـە ، وە ڕێنمایی دڵم بکە ، وە زمانم ڕاست کەرەوە ، وە پۆخڵەواتی نێو دڵم دەربێنە .

((اللهم أعني على ذكرك وشكرك وحسن عبادتك))

خوایە یارمەتیم بدە لە سەر زیکر کردن و شوکر کردن و چاکێتی پەرستنت .

((اللهم إنـــي أعوذ بك من العجز والكسل والـــجُبن والبخل والـــهَرم ، وأعوذ بـــك من عذاب القبر ، وأعوذ بك من فتنة الـــمحيا والـــممات))

خوایە من پـەنات پێـدەگرم لـە بێدەسـەڵاتی و تەمبـەڵی و ترسـنۆکی و ڕەزیلـی و پـیری ، وە پـەنات پێـدەگرم لـە سـزای نـاو گـۆڕ ، وە پـەنات پێـدەگرم لـە فیتنـە و تاقیکردنەوەی ژیان و مردن ( .. کاتی سەرەمەرگ و پرسیارەکانی ناو گۆڕ) .

((اللهم إنـــي أعوذ بك من الهم والحزن ، وأعوذ بك من العجز والكسل ، وأعوذ بك من الـــجُبن والبخل ، وأعوذ بك من غلبة الدين وقهر الرجال))

خوایە من پەنات پێدەگرم لە غەم و پەژارە و بێ تاقەتی ، وە پەنات پێدەگرم لـە بێدەسـەڵاتی و تەمبـەڵی ، وە پـەنات پێـدەگرم لـە ترسـنۆکی و ڕەزیلـی ، وە پـەنات پێدەگرم لە زاڵ بوونی قەرز بە سەرمدا وە لە زاڵ بوونی ستەمی پیاوان .

((اللهم إنـــي أعوذ بك من الفقر والقِلَّة والذِّلة ، وأعوذ بك من أن أَظْلِمَ أو أُظْلَم))

خوایە من پەنات پێدەگرم لە هەژاری و کەمێتی و سەرشۆڕی ، وە پەنات پێدەگرم لەوەی ستەم بکەم و لەوەش ستەمم لـێ بکرێت .

((اللهم إنـــي أسألك الـــهُدى والتُّقى والعَفاف والغِنَـــى))

خوایە من داوای هیدایـەت و خۆپاراسـتن لـە تـاوان و پـاکێتی و دەوڵەمەنـدیت لــێ دەکەم .

((اللهم إنـــي أعوذ بك من زوال نعمتك ، وتحـــويل عافيتك ، وفُجاءة نقمتـــك ، وجميع سخطك))

**خوايــه مــن پــەنات پێــدەگرم لــە نــەمانی نیعمەتــەکانت ، وە لــە گۆڕانــدنی خۆشگوزرانیت ، وە لە کوتوپڕی تۆڵەسەندنەوەت ، وە لە هەموو تووڕەییکت .**

((اللهم إنـــي أعوذ بك من الأربع : من علم لا يَنفع ، ومن قلب لا يَخشع ، ومـــن نفس لا تَشبع ، ومن دعاء لا يُسمع))

**خوایە من پەنات پێدەگرم لە چوار شت : لە زانستێك کـە سـوودی نـەبێت ، وە لـە دڵێك کە لە تۆ نەترسێت ، وە لـە دەروونێـك کـە تێـر نـەبێت ، وە لـە پاڕانەوەیـەك کـە وەڵام نەدرێتەوە .**

((اللهم إنـــي أعوذ بك من شَرِّ ما عَمِلْتُ ، ومن شَرِّ ما لـــم أعمل))

**خوایە من پەنات پێدەگرم لە خراپەی ئەو کردەوانەی وا کردوومن ، وە لە خراپەی ئەو کردەوانەش وا نەمکردوون .**

((اللهم إنـــي أعوذ بك من شر سمعي ، ومن شر بصري ، ومن شر لسانـــي ، ومن شر قلبي ، ومن شر منيي))

**خوایە من پەنات پێدەگرم لـە خراپـەی بیـستنم ، وە لـە خراپـەی بینیـنم ، وە لـە خراپەی زمانم ، وە لە خراپەی دڵم ، وە لە خراپەی ئاوی شەهوەتم .**

((اللهم إنـــي أعوذ بك من الـــهدم ، وأعوذ بك من التردي ، وأعوذ بك من الغرق والـــحرق والـــهرم ، وأعوذ بك أن يتخبطني الشيطان عند الموت ، وأعوذ بك أن أموت في سبيلك مدبراً ، وأعوذ بك أن أموت لديغا))

**خوایە من پەنات پێدەگرم لە داڕووخانی شتێك بە سەرمدا ، وە پەنات پێدەگرم لە کەوتنـە خـوارەوە ، وە پـەنات پێـدەگرم لـە خناکـان و سـووتان و پـیری ، وە پـەنات پێدەگرم لەوەی کە شـەیتان تێکـەڵم ببێـت لـە کـاتی مردنـدا ، وە پـەنات پێـدەگرم لـە مـردنم لـە کاتێکـدا کـە پـشتم هـەڵکردبێت لـە تێکۆشـان لـە پێنـاوی تـۆدا ، وە پـەنات پێدەگرم لەوەی کە بمرم بە پێوەدراوی .**

((اللهم إني أعوذ بك من البرص والجنون والجذام ، ومن سيئ الأسقام))

**خوایه من پەنات پێدەگرم لە گولی و شێتی و گەڕی ، وە لە خراپترینی دەرد و نەخۆشیەکان .**

((اللهم احفظني بالإسلام قائما ، واحفظني بالإسلام قاعدا ، واحفظني بالإسلام راقدا ، ولا تشمت بي عدوا ولا حاسدا ، اللهم إني أسألك من كل خير خزائنه بيدك ، وأعوذ بك من كل شر خزائنه بيدك))

**خوایە بمپارێزە بە هۆی ئیسلامەوە لە کاتێکدا کە بە پێوەم ، وە بمپارێزە بە هۆی ئیسلامەوە لە کاتێکدا کە دانیشتووم ، وە بمپارێزە بە هۆی ئیسلامەوە لە کاتێکدا کە ڕاکشاوم ، وە بە گرفت و غەمی من دوژمن و چاولەسەربووانم خۆشحاڵ مەکە ، خوایە من داوای هەموو خێرێمت لێدەکەم کە خەزێنەکەی لە دەستی تۆ دایە ، وە پەنات پێ دەگرم لە هەموو خراپەیەك کە خەزێنەکەی لە دەستی تۆ دایە .**

((اللهم أصلح لي ديني الذي هو عصمة أمري ، وأصلح لي دنياي التي فيها معاشي ، وأصلح لي آخرتي التي فيها معادي ، واجعل الحياة زيادة لي في كل خير ، واجعل الموت راحة لي من كل شر))

**خوایە دینداریەکەم بۆ چاك بکە کە پاراستنی گوزرانمی پێوە بەندە ، وە بواری دونیاشم بۆ چاك بکە کە ژیانمی تێدایە ، وە بواری دوارۆژشیشم بۆ چاك بکە کە گەڕانەوەمی تێدایە ، وە ژیانم بکە بە مایەی زیاد بوونی هەموو خێرێك بۆم ، وە مردن بکە بە مایەی ئیسراحەت بۆم لە هەموو خراپەیەك .**

((اللهم انفعني بما علمتني ، وعلِّمني ما ينفعني ، وزدني علما ، والحمد لله على كل حال ، وأعوذ بالله من عذاب النار))

**خوایە سوودم پێبگەیەنەیە بەوەی کە فێرت کردووم ، وە ئەوەم فێرکە کە سوودم پێدەگەیەنێت ، وە زانستم زیادکە ، وە سوپاس بۆ خوا لە سەر هەموو حاڵەتێك ، وە پەنا دەگرم بە خوا لە سزای ئاگر .**

((اللهم اغفر لي ذنوبي وخطاياي كلها ، اللهم أنعشني واجبرني واهدني لصالح الأعمال والأخلاق فإنه لا يهدي لصالحها ولا يصرف سيئها إلاَّ أنت))

**خوایه له هەموو تاوان و هەڵەکانم خۆشبه ، خوایه بمژێنەوه و کەموکۆڕییەکانم پڕ کەرەوه و ڕێنماییم بکه بۆ کردەوه و ڕەوشتی چاك چونکه بەڕاستی کەس نیه ڕێنمایی بکات بۆ کردەوه و ڕەوشتی چاك و خراپەکانیشی لابدات له ڕێم تەنها تۆ نەبێت .**

((اللهم اغفر لي خطيئتي وجهلي وإسرافي في أمري وما أنت أعلم به مني ، اللهم اغفر لي خطئي وعمدي وهزلي وجدي وكل ذلك عندي ، اللهم اغفر لي ما قدمت وما أخرت وما أسررت وما أعلنت ، أنت المقدم وأنت المؤخر ، وأنت على كل شيء قدير))

**خوایه لێم خۆشبه له تاوانەکانم و نەزانینم و ڕۆچوونم له کارەکانمدا و لەوەش که تۆ زانا تری پێی له من ، خوایه لێم خۆشبه لەوەی که به هەڵه و لەوەش که به ئەنقەست و لەوەش که به گاڵته و لەوەش که به ڕاستی کردوومن وه هەموو ئەوانەشم هەیه ، خوایه لێم خۆشببه لەوەی که پێشم خستووه و لەوەش که دوام خستووه و لەوەش که شاردوومەتەوه و لەوەش که ئاشکرام کردووه ، خوایه تۆ پێشخەر و تۆش دواخەریت ، وه تۆ توانات به سەر هەموو شتێکدا هەیه .**

((اللهم اقسم لنا من خشيتك ما يَحول بيننا وبين معاصيك ، ومن طاعتك ما تبلغنا به جنتك ، ومن اليقين ما يهون علينا مصيبات الدنيا ، ومتعنا بأسماعنا وأبصارنا وقوتنا ما أحييتنا ، واجعله الوارث منا ، واجعل ثأرنا على من ظلمنا ، وانصرنا على من عادانا ، ولا تَجعل مصيبتنا في ديننا ، ولا تجعل الدنيا أكبر همنا ولا مبلغ علمنا ، ولا تسلط علينا من لا يرحمنا))

**خوایه ئەوەنده ترسان له خۆتمان پێببەخشه که ببێته بەربەست له نێوان ئێمه و سەرپێچی کردنتدا ، وه ئەوەندەش له گوێڕایەڵی کردنت که بمانگەیەنێته بەهەشتەکەت ، وه ئەوەندەش له دڵنیایی که ناهەمواریيەکانی دونیامان له سەر سووك بکاتەوه ، خۆشگوزرانمان بکه به بیستنمان و بینیمان و توانامان ئەوەندەی که دەمان ژێنیت ، وه ئەوانەش بکه به میرات گری ئێمه ، وه تۆڵه لێسەندنەوەمان بخەره سەر ئەوانەی که ستەممان لێدەکەن ، وه سەرمان بخه به سەر ئەوانەی دژایەتیمان دەکەن ، وه**

**ناهەموارییـەکانمان نەخەیتــە نێـو ئاینەکەمانــەوە ، وە دونیـا مەکـەرە گـەورە تــرین مەبەسـتمان و ئامـانجی زانـستمان ، وە کەسـێك زاڵ مەکـە بـە سـەرماندا کـە بـەزەیی پێماندا نەیەتەوە .**

((اللهم إنـــي أسألك من الخير كله عاجله وآجله ما علمت منه وما لم أعلم ، وأعوذ بك من الشر كله عاجله وآجله ما علمت منه وما لـــم أعلم ، اللهم إني أسألك من خير ما سألك به عبدك ونبيك ، وأعوذ بك من شر ما عاذ به عبدك ونبيك ، اللهم إني أسألك الجنة وما قرب إليها من قول أو عمل ، وأعوذ بك من النار وما قرب إليها من قـــول أو عمـــل ، وأسألك أن تجعل كل قضاء قضيته لي خيرا))

**خوایە من داوای خێرێکـت لــێ دەکـەم هـەر هـەموویی هـی ئێـستایی و داهـاتوویی ئەوەی کە دەیزانم و ئەوەشی کە نایزانم ، وە پەنات پی دەگرم لە خراپە هەر هەموویی هی ئێستایی و داهاتوویی ئەوەی کە دەیزانم و ئەوەشی کـە نـایزانم ، خوایـە مـن داوای ئەو خێرەت لـێ دەکەم کە بەندە و پێغەمبەرەکەت داوای لـێ کردوویت ، وە پەنات پـی دەگرم لەو خراپەیەی کە بەندە و پێغەمبەرەکـەت پـەنای پـێ لــێگرتووە ، خوایـە مـن داوای بەهەشـتت لــێدەکەم و ئەوەشـی کـە نزیـك کەرەوەیـە لــێی لـە هـەر گوفتـار و کردارێك ، وە پـەنات پێدەگرم لە ئاگر و ئەوەشـی کـە نزیـك کەرەوەیـە لــێی لـە هـەر گوفتار و کردارێك ، وە داواشت لـێدەکەم هەر بڕیارێك کە بڕیارت لە سەر داوە بـۆم بـە خێر بیگێڕیت .**

((اللهم إني أسألك من فضلك ورحمتك ، فإنه لا يـــملكها إلا أنت))

**خوایـە مـن داوای چـاکە و بـەزەیی پێداهاتنـەوەت لــێدەکەم ، چـونکە بەڕاسـتی ئەوانە بە دەستی کەسەوە نیە تەنها تۆ نەبێت .**

((اللهم بعلمك الغيب وقدرتك على الخلق أحيني ما علمت الحياة خيرا لي ، وتوفني إذا علمت الوفاة خيرا لي ، اللهم وأسألك خشيتك في الغيب والشهادة ، وأسألك كلمة الحــق في الرضـــا والغــضب ، وأسألك القصد في الفقر والغنـــى ، وأسألك نعيما لا ينفد ، وأسألك قرة عين لا تنقطــع ، وأســـألك الرضاء بعد القضاء ، وأسألك برد العيش بعد الموت ، وأسألك لذة النظر إلى وجهك))

**خوایه له بـەر خـاتر زانستت بـه پـەنهانی و توانـات بـه سـەر دروستکراوەکاندا بمژێنه ئەوەندەی که دەزانیت ژیان خێری تێدایه بۆم ، وه بممرێنه ئەگەر زانیت مردن خێری تێدایه بۆم ، خوایه وه داوای له تۆ ترسانت لـێدەکەم له کاتی پەنهانی و ئاشکرابووندا ، وه داوای وتەی ڕاستیت لـێدەکەم لـه کـاتی ڕازیبـوون و تووڕەبووندا ، وه داوای مامناوەندیت لـێدەکەم له کاتی هـەژاری و دەوڵەمەندیـدا ، وه داوای نیعمـەتێکت لـێدەکەم کـه کۆتـایی پێنەیـەت ، وه داوای ئارامییـەکت لــێدەکەم کـه نەبڕێتــەوه ، وه داوای لــێڕازی بوونـت لـێدەکەم دوای بڕیارت به سەرمدا ، وه داوای فێنکی ژیانت لـێدەکەم لـه دوای مـردن ، وه داوای چێژی تێڕوانین بۆ روومەتت لـێدەکەم .**

((اللهم اكفني بـــحلالك عن حرامك ، وأغنني بفضلك عمَّن سِواك))

**خوایـه رازیـم بکـه بـه شـته حـەڵاڵکراوەکانت لـه جیـاتی حـەرامکراوەکانت ، وه دەوڵەمەندم بکه به چاکەی خۆت له جگه له خۆت .**

((اللهم إنـــي أسألك فعل الخيرات ، وترك المنكرات ، وحب المساكين ، وأن تغفـــر لي وترحمني ، وإذا أردت فتنة قوم فتوفني غير مفتون ، وأسألك حُبَّك وحُبَّ مَنْ يَحبُّك ، وحُبَّ عمل يقرب إلى حُبِّك))

**خوایـه مـن داوای ئەنجامـدانی چـاکەکانت لــێدەکەم ، وه داوای وازهێنــان لـه خراپــەکانت لـــێدەکەم ، وه داوای خۆشەویـــستی هـــەژارانت لـــێدەکەم ، وه داوات لـێدەکەم لێمخۆش بیت و بەزەیت پێمدا بێتەوه ،**

**وه ئەگەر ویستت خەڵکانێك تووشی تاقیکردنەوه بکەیت ئەوا بممرێنه به بێ تووشبوونم به فیتنه ، وه داوای خۆشەویستنی خۆتت لـێدەکەم وه خۆشەویستنی ئـەو کەسانەی که تۆیان خۆش دەوێت ، وه خۆشەویستنی کردەوەیەك که نزیك کـەرەوه بێـت بـۆ لای خۆشویستنی تۆ .**

*** وقد أُثِرَ عن عمر (رضي الله عنه) أنَّهُ كان يدعو بهذا الدعاء :**

**(اللهُمَّ اجْعَلْ خيرَ عُمُري آخرَهُ ، وخيرَ أعمالـــي خَواتِمَهُ ، وخيرَ أيامي يومَ ألقاك)**

**خوايه با باشترينى تەمەنم كۆتاييەكەى بێت ، وە با باشترينى كردەوەكانميش كۆتاييەكەى بێت ، وە با باشترينى ڕۆژەكانى ژيانم ئەو ڕۆژە بێت كە تێيدا دەگەم بە تۆ .**

**تَقَبَّلَ اللهُ منا ومنكم ....**

**والسلامُ عليكم ورحمةُ الله وبركاته ....**

**براتان : مامۆستا محمد عبد الرحمن لطيف**

**( ٠٧٧٠١٩٨٨٦٢٣ )**